مەشهەدانی و جەگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا جەختیان لەپتەوکردنی هاوکاری سیاسی و ئابووری کردەوە

ئەمە یەکشەممە "مەحمود مەشهەدانی " سەرکی ئەنجومەنی نوێنەران،لەگەڵ "ڤیکتۆریا تێیلور" جەگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بە کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، باسی پتەوکردنی هاوکاری دووقۆڵی نێوان عێراق و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایان لە هەموو بوارەکاندا کرد.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرکی ئەنجومەنی نوێنەران لە ڕاگەیەندراوەکدا تیایدا هاتووە : "مەحمود مەشهەدانی" سەرکی ئەنجومەنی نوێنەران ، پەشوازی لە " ڤیکتۆریا تێیلور " جەگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بە کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەلیزابەت ترووداو پاشکۆی باڵیۆزخانەی ئەمریکای کرد.

وەک لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە : لەدیدەکدا باس لە پتەوکردنی هاوکاری دووقۆڵی نێوان عێراق و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای لە هەموو بوارەکاندا کرا، بەتایبەت لە بواری سیاسی و ئابووری،و تاوتوێکردنی پرسە هەنووکییەکان و پێشهاتەکانی دەخی هەرەمی و کاریگەرییەکانی لە ناوچەکەدا.

هەر لە دیدارەکەدا : باس لە ئاستنگەکانی بەردەم ناوچەکە بگشتی و عێراق بەتایبەتی و چۆنیەتی پتەوکردنی دیالۆگ و لێکتێگەیشتن لە نێوان هەردوولا کرا،هەروەك هەردوولا جەختیان لەسەر گرنگی پێیوەندی بەردەوام و پتەوکردنی هاوکاری سیاسی و ئابووری کردەوە.